Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090203

# بنەماكانی دانانی پرۆگرامی خوێندن

حسین اسماعیل علی

بەشی دەروونناسیی // كۆلێجی پەروەردە // زانكۆی گەرمیان

سرحد محمد سمین

بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان// كۆلێجی پەروەردە بنەڕەت// زانكۆی گەرمیان

*Article Info*

Received: February,2022
Accepted : April,2022
Published :June ,2022

*Keywords*

پرۆگرامی خوێندن، بنەمای فەلسەفیی، بنەمای كۆمەڵایەتیی، بنەمای دەروونیی، بنەمای مەعریفیی.

Corresponding Author

Husen.ismailali@garmian.edu.krd
Sarhad.mohammed@garmian.edu.krd

**پوختە**

**پرۆگرامەكانی خوێندن لە هەموو كۆمەڵگەیەكدا بە چەقی پرۆسەی فێركردن و فێربوون دادەنرێن. ئەم پرۆگرامانە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی پەروەردەی كۆمەڵگەن، هەر لەوێشەوە ئامانجە پەروەردەییەكانی بۆ دادەنرێت، دواجاریش لە شێوەی پەرتووكی خوێندندا دەخرێتەبەردەستی مامۆستایان و خوێندكاران. بە گوێرەی ئەم ئامانجانە كۆمەڵگە و وەزارەتە پەیوەندییدارەكانی بواری پەروەردە و فێركردن، پێشبینی ئەوە دەكەن كە لەدوای جێبەجێكردنی ئەم ئامانجانە، چی هاووڵاتییەك و پسپۆڕێك بۆ ژیانی كۆمەڵگە ئامادە دەكەن و پێدەگەیەنن. دانەران و ئامادەكارانی پرۆگرامەكانی خوێندن، وشیارن بە فەلسەفەی پەروەردەی كۆمەڵگەكەیان و كولتوور و ئاستی گەشە و پێشكەوتن و داواكاریی و كێشەكانی كۆمەڵگە و تایبەتمەندی و گەشەی خوێندكاران؛ هەتا بتوانن لە ژێر ڕۆشنایی ئەوانەدا پرۆگرامێك دابنێن لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا بگونجێت. بەشێوەیەكی گشتی بنەما سەرەكییەكانی پرۆگرامەكانی خوێندن پێكهاتووە لەبنەما(فەلسەفیی، كۆمەڵایەتیی، دەروونیی و مەعریفیی). ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناسینی هەریەكە لەو بنەمایانە و كاریگەرییان لەسەر پرۆگرامەكانی خوێندن. توێژەران لەم توێژینەوەیەدا گەیشتوونەتە كۆمەڵە ئەنجامێك و لە كۆتایی توێژینەوەكەشدا، ڕاسپاردە و پێشنیارەكانی خۆیانیان خستۆتەڕوو.**

**پێشەکی:**

گۆڕانکارییەکانی ژیان لە ئێستادا زۆر خێرا و بەربڵاون، کە پێویستی بە وەرگرتن و تێگەیشتن و خۆگونجاندنی بەردەوام هەیە. گۆڕانکارییە تەکنۆلۆژییەکان کاریگەریی خۆیان خستۆتەسەر کایە ئابووریی و سیاسیی و فەرهەنگیی و پەروەردەییەکان. کۆمەڵگەکان بۆ ئەوەی بتوانن پێبەپێ لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا بڕۆن و دوانەکەون، ئەوا پێویستیان بە ئامادەکاریی و خۆگونجانە لەگەڵ ئەم پێشکەوتنانەدا. یەکێک لەو کایانەی کە بەردەوام پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە بریتییە لە پرۆگرامەکانی خوێندن. کۆمەڵگە لە ڕێگەی ئەو پرۆگرامانەوە دەتوانێت کەسانی شارەزا و پسپۆڕ پێبگەیەنێت و ئامادەیان بکات هەتا لە پاشەڕۆژدا بەرپرسیارێتی بە ئەستۆوە بگرن و شارەزا و لێهاتوو بن بۆ بەڕێوەبردنی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر چوار بنەمای سەرەکیی دادەنرێن کە بریتیین لە بنەماکانی(فەلسەفیی، کۆمەڵایەتیی، دەروونیی و مەعریفیی). لەڕاستییدا ئەم بنەمایانە یەکتری تەواو دەکەن و هیچ بنەمایەکیان بەبێ ئەوی تریان نابێت. لەسەردەمی ئێستادا، هیچ بنەمایەکی دانانی پرۆگرام نییە بە تەنها گرنگی بە بنەمایەک بدات و ئەوانی تر پشتگوێ بخات، بەڵکو پێویستە هاوسەنگی و سەردەم و ئاستی گەشەی خوێندنکار و کۆمەڵگە لەبەرچاو بگیرێت. لە کۆتایشدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم توێژینەوەیە لە تێزێکی دکتۆراوە هەڵێنجراوە بە ناونیشانی (ڕۆڵی پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر گەشەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی).

تەوەری یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە

١-١. گرفتی توێژینەوە:

گەشەپێدان و پێشکەوتنی مرۆڤ لەسەرەتای ژیانی منداڵییەوە دەستپێدەکات هەتا دواهەمین چرکەساتەکانی ژیانی. ئەم پرۆسەیە لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە بە ئاکام دەگات، ئیتر ئەمە لە میانەی ژیانی ئەکادیمیی و خوێندنەوە بێت؛ وەیاخود لەو ژیانە واقیعییەوە بێت کە ئەم تاکەی تێدادەژی. لێرەدا پێویستە تەفرەنجە بخەینەسەر گرنگترین ئەو بابەتانەی کە کاریگەریی لەسەر پەروەردە و فێرکردنی تاک دادەنێن، ئەم تاکە بتوانێت خودی خۆی بەدیبهێنێت و بە ئاسانترین ڕێگە بتوانێت پێداویستییەکانی تێربکات، لە هەمانکاتدا تاکێکی بەسوودبێت بۆ کۆمەڵگەکەی. لێرەدا توێژەران بەوە گەیشتوون کە ئەو بابەتەی کە پەیوەندییەکی پتەوی بەپەروەردە و فێرکردنەوە هەبێت، بریتییە لە پرۆگرامەکانی خوێندن بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە(عزیز و مهدي، ٢٠١٥: ٩).

کەواتە پرۆگرامی پەروەردەیی بە کۆڵەکە و تەوەری سەرەکی هەموو پرۆسەیەکی فێرکردن و فێربوون دادەنرێت، کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە و لیژنە پسپۆڕەکانییەوە ئامادە دەکرێت. ئەم پرۆگرامانە ئەگەر بیانەوێت هاووڵاتییەکی کارامە و لێهاتوو و هاوسەنگ بۆ ژیان و کۆمەڵگە ئامادە بکەن، ئەوا پێویستە بەشوێن ئەو بنەمایانەدا بگەڕێن کە پرۆگرامی پەروەردەییان لەسەر بونیاد دەنرێت. دانەرانی پرۆگرام ئەبێت ئەو پرسیارە بکەن کە ئایا فەلسەفەی پەروەردەی ئێمە چییە؟ ئەو نۆرمانەی کە دەبنە هەڵسەنگێنەری ڕەفتاری تاک و کۆمەڵگە هەڵقوڵاوی چی کولتوورێکن؟ ئایا مرۆڤەکان تەنها لە ڕووی مەعریفییەوە پێویستیان بە گەشەپێدان هەیە یاخود گەشەی کۆمەڵایەتیی و ئاکاریی و دەروونیی و هونەریی... هتد بە هەمان ڕادە گرنگە؟ توێژەران لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەن لە گرنگترین ئەو بنەمایانە بخەنەبەر باس کە پرۆگرامی پەروەردەیی لەسەر بونیاددەنرێت.

١-٢. گرنگی توێژینەوە:

١. دانەرانی پرۆگرام ئاشنا دەکات بە گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە پرۆگرامی لەسەر دادەنرێت.
٢. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ زیاتر ئاشناکردنی توێژەر و خوێنەرانی کورد بۆ بابەتی پرۆگرامی پەروەردەیی کە بە زمانی کوردی ئاوڕی جدی لێنەدراوەتەوە.
٣. ئاشناکردنی مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە کە پێویستە شارەزاییان لەسەر ئەوە هەبێت هەتا بزانن پرۆگرامە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر چی بنەمایەک دانراون، ئەمەش بەرچاوڕوونییان پێدەدات لەسەر زانینی ئامانجە پەروەردەییەکان و باشتر بتوانن ئەو ئامانجانە بەدیبهێنن.

١-٣. ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی بنەما( کۆمەڵایەتیی، دەروونیی، فەلسەفیی و مەعریفیی)ەکانی پرۆگرامی خوێندن.

١-٤. ناساندنی چەمکەکان:

**١-٤-١.** بنەماکانی دانانی پرۆگرام(Curriculum Foundations):

- بریتییە لەو چوارچێوە و بنەما و یاسایانەی کە پێویستە لەکاتی دانانی پرۆگرامی خوێندندا لەبەرچاو بگیرێن، هەروەها بریتییە لەو پێوەرانەی کە لە ژێر ڕۆشنایی ئەودا هەڵسەنگاندن بۆ پرۆگرام دەکرێت. بنەماکانی پرۆگرام پۆلێن دەکرێن بۆ: بنەما فەلسەفییەکان، بنەما کۆمەڵایەتییەکان، بنەما دەروونیی و بنەما مەعریفییەکان (علي،٢٠١١: ٢١).
- کۆڵەکەیەکی گرنگە کە ناوەڕۆکی پرۆگرامی لەسەر ڕادەوەستێت، ئامانجەکەی بریتییە لە گەشەپێدانی پرۆسە مەعریفییەکان و بەدەستهێنانی کارامەیی و بەها و کولتووری کۆمەڵگە، ئەم بنەمایانە بەردەوام پێویستیان بە دووبارە داڕشتنەوە هەیە بۆ ئەوەی پرۆگرام لە پەیوەندی بەهێز و هەمیشەییدا بێت لە گەڵ ئەم کولتوورە و خوێندکاراندا(محمد، ٢٠١٢: ٩٠).

پێناسەی ڕێکاریی: بنەماکانی پرۆگرام: بریتیین لەو چوارچێوانەی کە ناوەڕۆکی پرۆگرامی لەسەر دادەنرێت و ئەوانیش خۆیان لە بنەما(کۆمەڵایەتیی، دەروونیی، فەلسەفیی و مەعریفیی)ەکاندا خۆی دەبینێتەوە.

**١-٤-٢. پرۆگرامی خوێندن:**

**١-٤-٢-١.** لەڕووی زمانەوانییەوە:

لە بنەڕەتدا وشەی(Curriculum)ی ئینگلیزیی لە وشەی (Currere) زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە و بەمانای گۆڕەپانی پێشبڕکێی ئەسپسواری بەکارهێنراوە(ابراهیم، ٢٠٠٩: ٩٩٩). وشەیەکی تریش هەیە کە زۆرجار وەکو هاوواتای Curriculum بەکار ئەهێنرێت یان هەندێکجار بە واتایەکی تایبەت بەکار ئەهێنرێت، ئەویش وشەی بڕیارلێدراو(المقرر) کە بەرامبەرەکەی لە زمانی ئینگلیزییدا پێی دەوترێت(Syllabus). مەبەست لەم وشەیەش بریتییە لەو مەعریفەیەی کە لە خوێندکار داواکراوە لە هەموو بابەتێکدا لە ماوەی ساڵێکی خوێندندا فێریان ببێت (مرعي و الحيلة، ٢٠١٥: ٢١).

بەڵام لە زمانی عەرەبییدا لەبەرامبەر ( Curriculum)وشەی (المنهاج، منهج، ناهجة) بەکارهێنراوە، هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت

(لكل جعلنا منكم شرعة و منهاجا(القران الكريم، المائدة ٤٨). مامۆستا هەژار موکریانی ئەم ئایەتەی بەم شێوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی (بۆ هەر کۆمەڵێك لە ئێوە ڕێ و شوێنێکمان داناوە)(قورئانی پیرۆز، و: هەژار، ل١١٦). هەروەها بورهان محمد امین لە (تەفسیری ئاسا)دا، بەم شێوەیە ئەم ئایەتەی شیکردۆتەوە(بۆ هەردوولاتان-موسوڵمانان و خاوەنانی کتێب-بەرنامە و پرۆگرۆگرامی تایبەتمان بڕیارداوە)(محمد امین، ب.س.چ: ١١٦).

کەواتە لە زمانی کوردییدا، ڕێ و شوێن و پرۆگرام بەکارهاتووە و دواتر وشەی پرۆگرام بووەتە وشەی چەسپاو بۆ Curriculum ی ئینگلیزی و (منهاج) ی عەرەبی، کە بەواتای ڕێگای ڕوون ئاشکرا بۆ گەیشتن بە ئامانجێ یان ئامانجگەلێك بەکاردێت. هەر لێرەشەوە وشەی پرۆگرام هاتۆتە ناو کایەی پەروەردەوە و بۆ ئەو میتۆد و ڕێچکەیە بەکارهاتووە کە خوێندنگە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت ئامانجە پەروەردەییەکان بەدیبهێنێت (ابو حویج، ٢٠٠٠: ٧٥).

٢-٢-٤-١. پێناسەی پرۆگرام لەڕووی زاراوەوە:

پێش ئەوەی لەڕووی زاراوەوە چەمکی پرۆگرام بناسێنین، پێویستە ئاماژە بۆ ئەو پۆلێنکردنە بدەین کە بە تێگەیشتنی کۆنی پرۆگرام و تێگەیشتنی نوێی پرۆگرام هەیە. هەروەها پێشی دەوترێت تێگەیشتنی بەرتەسك لە پرۆگرام و تێگەیشتنی بەرفراوان. پۆلێنکردنی پرۆگرام، بۆ ئەم دوو جۆرە لە تێگەیشتنە، لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی هزری و فەلسەفی و ئەزموون و شارەزایی ئەوکەسانەی چەمکی پرۆگرامیان ناساندووە، لەلاکەی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونانەی کە لە بوارەکانی زانستدا بەگشتی و لە بوارەکانی پەروەردە و دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا بەتایبەتی ڕوویانداوە. ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییان لەسەر فەلسەفەی پەروەردە و ئامانجەکانی و ئامرازەکانی داناوە و ، لەوێشەوە کاریگەری و گۆڕانیان لە تێگەیشتنی پرۆگرام دروستکردووە.

١-٢-٢-٤-١. پێناسەی پرۆگرامی خوێندن بەگوێرەی تێگەیشتنی کۆن:

چەمکی پرۆگرام بە تێگەیشتنە تەقلیدییەکەی کورتکراوەتەوە بۆ یەك ڕەهەند لە ڕەهەندەکانی گەشەی مرۆڤ، کە ئەویش بریتییە لە لایەنی مەعریفی. بەو پێیەی کە مەعریفە بەرئەنجامی ئەو کەلەپوور و کەلتوورەیە، کە نەوەی نوێ لە نەوەکانی پێش خۆی بۆی ماوەتەوە، هەروەها بەو بڕوایەی کە بەتەنها مەعریفە دەبێتەهۆی گۆڕینی ڕەفتار(الحسين،٢٠١٨: ٤٠). لێرەوە ئەرکی خوێندنگە بریتییە لە پێشکەشکردنی مەعریفە هەمەجۆرەکان بە خوێندکاران کە پشتی بە کەلەپووری مرۆیی و ئەزموونەکانی مرۆڤ لە سەردەمە جیاوازەکاندا بەستووە. تێگەیشتن لە پرۆگرام بە شێوە تەقلیدییەکەی، دوو تەوەر لە خۆدەگرێت، ئەوانیش بریتیین لە:

- پرۆگرام(کۆمەڵە بابەتێکی خوێندنە، پسپۆڕان ئامادەیان کردووە یان نووسیویانەتەوە و مامۆستایان بە جێبەجێی دەکەن یان دەیانڵێنەوە، خوێندکارانیش فێریان دەبن یان دەیانخوێنن(سعادة، ١٩٩٠: ٥٨). ئەم بۆچوونە ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە زانیاری پیرۆزە و دەرئەنجامی کولتووری ڕۆشنبیری گرانبەهای نەوەکانە لە کۆمەڵگەدا و شتێکی بۆماوەییە لە نەوەکانی ڕابردووەوە بۆ نەوەکانی ئێستا، بۆیە ناکرێت وەلابنرێ و دەستکاری بکرێت، هەربۆیە ئەو زانیارییە پێویستانە پۆلێن دەکران بەسەر بابەتیگەلێکی جیاواز پاشان بەسەر چەند قۆناغێکی خوێندن، دواتر لەماوەی ساڵێکدا دەخوێنران(عزیز، ٢٠١٩: ١٣).

- پرۆگرامی خوێندن لە تێگەیشتنە کلاسیکییەکەیدا بریتییە لە کۆی ئەو زانیاری و ڕاستی و چەمك و بیرۆکانەی کە خوێندکاران بە شێوەی بابەتەکانی خوێندن دەیخوێنن و ناوی لێنراوە بڕیار لێدراوەکانی خوێندن(المقررات الدراسية)(مرعي و الحيلة، 2015: 21).

کەواتە تێگەیشتنی کۆنی پرۆگرامی خوێندن کۆمەڵە وانەیەکی فەرمی (نظامي)خوێندنگەیی یان ئەکادیمییە بۆ دەستڕاگەیشتن یان بەدەستهێنانی بڕوانامەیە لە بوارێك لە بوارەکانی خوێندندا(بدوي، ١٩٨١، ٩٤). لێرەدا و تەنها جەخت لەسەر بڕی ئەو مەعریفەیە کراوەتەوە کە لە دووتوێی کتێبی خوێندندایە و پێویستە لەسەر خوێندکاران لێیان تێبگات یان ئەزبەریان بکات و لە تاقیکردنەوەکاندا تیایدا سەرکەوتوو بێت.

١-٤-٢-٢-٢. تێگەیشتنی نوێ بۆ چەمکی پرۆگرام:

لە ئەنجامی پێشکەوتن لە بوارەکانی زانست و تەکنۆلۆجیاو پێشکەوتنی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە، تێڕوانین و تێگەیشتن بۆ پرۆگرام گۆڕانی بەسەردا هات و ئەوەی کە لە ئێستادا پێی دەوترێت، چەمکی نوێ و تێگەیشتنی نوێ بۆ پرۆگرام دەرکەوتن. ئەم تێگەیشتنە لە پرۆگرام چەند تەوەرێك لە خۆ دەگرێت، لەوانە:

-بریتییە لە هەموو ئەوانەی کە خوێندکاران فێریان دەبن و، خوێندنگە پلانیان بۆ دادەڕێژێت و ئاراستەیان دەکات بۆئەوەی بە ئامانجە پەردەوەردەییەکانی بگات(Tyler, 1981: 79) .

-شارەزایی پەروەردەییە کە خوێندنگە پێشکەشی خوێندکارانی دەکات بە مەبەستی گەشەی کەسێتییان لە هەموو ڕوویەکەوە، گەشەیەک کە لەگەڵ ئامانجە فێرکارییەکاندا بگونجێت، شارەزاییەکانیش دەشێت مەعریفیی و هەڵچوونیی و کۆمەڵایەتیی و وەرزشیی و هونەریی بێت(قزامل، ٢٠١٣: ٦٨).

- کۆمەڵێك ئەزموونی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و وەرزشی و هونەری و زانستیی و ...هتد، لە لایەن خوێندنگەوە پلانی بۆ دادەڕێژرێت و ئامادەی دەکات بۆ ئەوەی خوێندکاران لە ناو یان دەرەوەی خوێندنگە فێریان ببن، ئەمەش بە ئامانجی بەدەستهێنانی شێوازەکانی ڕەفتار یان ڕاستکردنەوەی شێوازی تری ڕەفتار بەرەو ئاراستەی ڕەفتاری پەسەندکراو، ئەمەش لە میانەی پراکتیزەکردنی هەموو چالاکییەکە پێویستییەکانی هاوشانی فێربوون. ئەو شارەزاییانە لە تەواوکردنی گەشەکردنیان یارمەتییان دەدات(قلادة،١٩٨٢: ١١).

-هەموو ئەو شارەزاییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی و وەرزشیی و هونەریی...هتد، کە خوێندکار لەناو یاخود دەرەوەی خوێندنگەدا فێریان دەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەو جۆرە هەروەها ئەو چالاکییانەی کە مومارەسەیان دەکات و بەشداری دەکەن لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکاندا، بە مەرجێك هەموو ئەمانە لەژێر چاودێری خوێندنگەدا ئەنجام بدرێن(ابراهیم،٢٠٠٠: ١٠٠٠).

پێناسەی ڕێکاریی: پرۆگرام بریتییە لە هەموو ئەو شارەزایی و زانیاریی و لێهاتووییانەی کە خوێندنگە لە ڕێگەی کتێبەکانی خوێندنەوە پێشکەشی خوێندکاری دەکات، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی کە خوێندکاران لە هەموو لایەنەکانی ژیریی و جەستەیی و ویژدانییەوە گەشە بکەن و بتوانن

بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خۆیان و کۆمەڵگە و نیشمانەکەیان لە ئەستۆ بگرن.

تەوەری دووەم: بنەماکانی پرۆگرام:

بوارەکانی پرۆگرام بەسێ ئاراستەی سەرەکی دیاری دەکرێن، کە خۆیان لەو بنەمایانەدا دەبیننەوە کە دانانی پرۆگرامی لەسەر وەستاوە، ئەو ئاراستانە بریتیین لە:

ئاراستەیەکی یەکەم: لەم ئاراستەیەدا، خوێندکار تەوەری دانانی پرۆگرامە، ئەم ئاراستەیە توانا و حەز و ئارەزوو و شارەزاییە پێشینەکانی خوێندکار دەکاتە بنەمای هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی پرۆگرام و ڕێکخستنی. ئەم ئاراستەیە نوێنەرایەتی بنەمای دەروونی پرۆگرام دەکات.

ئاراستەی دووەم: مەعریفە تەوەری سەرەکی دانانی پرۆگرامە، هەربۆیە ئەوانەی باوەڕیان بەم ئاراستە هەیە مەعریفە دەکەنە ئامانج و هیچ شتێکی تر وەکو مەعریفە بەلایانەوە گرنگ نییە. هەموو هەوڵ و کۆشش و توانایەیەک بە شێوە نەریتی(تقلیدی)یەکەی دەخەنەگەڕ بۆ گەیاندن و چەسپاندنی مەعریفەکان لە مێشکی خوێندکاراندا، ئەمەش مانای وایە کە هیچ بایەخێک بە توانا و حەز و ئارەزوو و شارەزاییە پێشینەییەکانی خوێندکار نادەن، ئەرکی مامۆستا لێرەدا کورت دەبێتەوە بۆ گواستنەوەی مەعریفە لە کتێبەوە بۆ مێشکی خوێندکاران، ئەم ئاراستەیە پێیدەوترێت بنەمای مەعریفی پرۆگرام.

ئاراستەی سێیەم: لەم ئاراستەیەدا کۆمەڵگە بە تەوەری سەرەکی دانانی پرۆگرام دادەنرێت، ئەم ئاراستەیە تەرکیز دەخاتەسەر هەموو ئەوەی کە کۆمەڵگە دەیخوازێت، بە هەموو پێداویستی و فەلسەفە و کولتوورەکەیەوە ئەمەش پێیدەوترێت بنەمای فەلسەفی و کۆمەڵایەتیی پرۆگرام(جبر و العرنوسي، ٢٠١٣: ٦٣)، (الزبوني و الاخرون، ٢٠١٣.: ٨٨-٨٩) ، (الموسوي، ٢٠١١.: ٧١).

بنەماکانی پرۆگرام جێگیرنین، بەڵکو بەگوێرەی هزری نوێ و پێشکەوتنە زانستیی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانیش گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بنەمایانە لە یەکتری جیانین، بەڵکو تەواوکەری یەکترین و کارلەیەکتری دەکەن، هەروەها بنەماکانی کۆمەڵگە بە گوێرەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و فەلسەفە و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە، لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە. لە خوارەوە بەشێوەکی کورت باسی گرنگترین ئەو بنەمایانە دەکەین کە پرۆگرامی لەسەر دادەنرێت:

٢-١. بنەمای فەلسەفی:

وشەی فەلسەفە(philosophy)، وشەیەکی یۆنانییە، لە دوو بەش پێکهاتووە، فیلۆ(philo) مانای حەزکردن دەگەیەنێ، سۆفی(sophie) واتە دانایی و ژیریی. کەوابوو وشەکە بە تێکڕایی"فیلۆسۆفی" مانای حەزکردن لە ژیریی و دانایی دەگەیەنێ. بەپێی سەرچاوەکان، فیتاگۆرس(٥٧٢ – ٤٩٧ پ.ز.)وشەی فەلسەفەی بەکارهێناوە و هەرخۆی ئەم ناوەی داهێناوە و وتویەتی: دانایی و ژیریی تەنیا بەشی خواوەندە و من خۆم تەنیا حەز لە دانایی ئەکەم، واتە من فەیلەسوفم(عەزیز، ٢٠٠٩: ١٤).

فەلسەفە(philosophy) لقێکی گەورەیە لە لقەکانی مەعریفە، گرنگی بە واقیع و مەعریفە و مانا و حەقیقەت و سروشتی ڕەهای مرۆڤ و پەیوەندی بەبوونەوە دەدات، (غیث، ١٩٧٩: ٣٢٨). فەلسەفە جۆرێکە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتیی، مۆرکی سەردەم و قۆناغ و دەوروبەری بە ئاشکرا پێوە دیارە.

وەک هەوڵ و کۆششێکی زانستییانە هەوڵ ئەدات وەڵامی پرسیارەکانی ژین و جیهانبینیی بداتەوە و لەو قانون و ڕێ و شوێن و داب و دەستوورە بکۆڵێتەوە کە هەمەکی و سەرتاپاگیرن و هۆ و مایەی پەرەسەندنی سروشت و کۆمەڵگە و بیر و هۆشی مرۆڤن. لەم ئەرکەشیدا ئەقڵی کردووە بەسەر مەشق(عەزیز، ٢٠٠٩: ١٩).

هەر پرۆگرامێکی خوێندن، پشت بە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی دەبەستێت کە ئەمەش لە فەلسەفەی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵیدا هەیە. خوێندنگە لەڕێگەی داڕشتنی پرۆگرامەکانییەوە و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی پەروەردە و فەلسەفەی کۆمەڵگەدا پێکەوە خزمەتی کۆمەڵگە دەکات. مەبەستمان لە فەلسەفەی کۆمەڵگە ئەو لایەنەی کەلتووری کۆمەڵگەیە کە پەیوەستە بە بنەما و ئامانج و بیروباوەڕەکانەوە و چالاکییەکانی هەموو تاکێک ئاراستەدەکات و ئەو بەهایانەی پێدەبەخشێت کە دەبنە ڕێنیشاندەری لە ژیاندا(مرعي و الحيلة، ٢٠١٥: ١١٤). فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی وەک سەرچاوەی داڕشتنی ئامانجەکانە و بنەمایەکە بۆ دانانی پرۆگرام و سوودلێوەرگرتنی، بۆیە هەموو پرۆگرامێک لەسەر ڕۆشنایی فەلسەفەی ڕۆشنبیری و ئامانجەکانی کۆمەڵگە دادەڕێژرێت و پێکدەهێنرێت، ئەمەش وادەکات پرۆگرامی هەر کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەیەکی تر جیاواز بێت(عزيز، ٢٠١٩: ٦٢).

وەک لە سەرەوە ئاماژەی بۆکرا، فەلسەفە بەمانای خۆشەویستیيە بۆ دانایی، مەبەست لە دانایی ئەو زانین و مەعریفانەیە کە مرۆڤ لە خوێندنگە و دەرەوەی خوێندنگەدا فێریان دەبێت، ئەمە جگە لە بەکارهێنان و پراکتیزەکردنی ئەو زانیارییانەی لە هەڵوێستەکانی ژیانی کرداریيدا. لە ژیانی هەموومرۆڤێکدا فەلسەفە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ئاراستەدەکات، پێوەرەکانی لەسەر دروست دەکات. هەروەها فەلسەفە گرنگی بە پرۆگرامەکانی خوێندن دەدات لە (الربيعي، ٢٠١٦: ٨٢).

لە خوارەوە بە شێوەیەکی کورت و ئەوەی کە پەیوەستە بە بابەتی پرۆگرامەوە باس لە فەلسەفەکانی(ئایدیایی و پۆزەتیڤیزم و ڕیالیستی)دەکەین. دیارە جگە لەم فەلسەفانە سەرچاوەکانی بواری فەلسەفەی پەروەردە ئاماژە بە فەلسەفەی تری پەروەردەیی دەکەن، وەک فەلسەفەکانی:(سروشتیی، مرۆڤایەتیی، بوونگەرایی، ئیسلامیی...هتد)، بەڵام توێژەران لەم توێژینەوەیەدا تەنها چەند نموونەیەکی وەرگرتووە.

٢-١-١. فەلسەفەی ئایدیایی(الفلسفة المثالية-Idealism)

ئامانجە پەروەردەییەکانی فەلسەفەی ئایدیایی، جەخت لەسەر پەرەپێدانی تاکەکەس دەکاتەوە لە ڕووی ژیریی و ئاکاریی و ڕاستییە نەگۆڕەکان و زانینە سەرەتاییەکان و گەیشتن بە ڕەوشتی ئایدیایی باڵا، چونکە ژیریی بنەڕەتی گەیشتنە بە ڕاستییەکان بەهۆی بیرکردنەوە و تێڕامان(ئەلحاج محەمەد، ٢٠٠٨: ١٤٠-١٤١).

ئەم فەلسەفەیە وادەبینێت کە پەروەردە بریتییە لە پرۆسەی پاراستن و گواستنەوەی کەلەپووری کۆمەڵایەتیی. کۆمەڵگە لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی پێشکەوتنیدا، لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی مەعریفە بە درێژایی سەدەکان، خاوەنی کەلەپوورێکە لە مەعریفە و لێهاتوویی و ئاراستە و بەهاکان، خوێندنگە بەو پێیەی کە لە پەروەردەکردنی نەوەکاندا نوێنەری کۆمەڵگەیە، لەبەر ئەوە ئەرکە بنچینەییەکەی بریتییە لە گواستنەوەی

کەلەپووری رۆشنبیری لە باوانەوە بۆ نەوەکان و دانانی لە چوارچێوەیەکی سادەی پەروەردەییدا(هندي واخرون، ١٩٩٩: ١٢٥).

٢-١-٢. فەلسەفەی پراگماتیزم(الفلسفة البراكماتية-Pragmatism):

پراگماتیک لە وشەی (پراگما-Pragma)ی گریکییەوە وەرگیراوە کە مانای کار(العمل) دەگەیەنێت. هەریەکە لە ولیم جیمس(١٨٤٣-١٩١٠) و جۆن دیوی(١٨٥٩-١٩٥٢) لە ڕابەرانی فەلسەفەی پراگماتیک دادەنرێن. ئەم فەلسەفەیە بە ناوی تریشەوە ناسراوە، لەوانە (فەلسەفەی کار، فەلسەفەی ئەزموونگەری، فەلسەفەی ئەرکگەرایی). دەرکەوتنی ئەم فەلسەفەیە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. بەبڕوای ئەم فەلسەفەیە، هەموو شتێک بۆ ئەوەی بڕوای پێبکرێت، دەبێت ملکەچی ئەزموونکردن و سەلماندن بێت. ئەم فەلسەفەیە زانست و دیموکراسیی هەروەها هزر و کاری بەیەکەوە گرێداوە، لەسەر ئەم بنەمایەش، ئازادیی بەخشیوەتە خوێندکار بۆ ئەوەی گوزارشت لە بیروبۆچوون و حەز و ئارەزووەکانی بکات. خوێندکاری کردۆتە سەنتەری پرۆسەی فێربوون. جەختی لەوە کردۆتەوە کە مەعریفە بریتییە لە پرۆسەی کارلێکی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی، هەر لەبەر ئەمەشە کە پراگماتیزم تیۆری شارەزایی(الخبرة)ی وەرگرتووە. جۆن دیوی هەندێک لە کتێبەکانی خۆی ناولێناوە شارەزایی، وەکو (شارەزایی و سروشت-الخبرة و الطبيعة، هونەر و شارەزایی-الفن و الخبرة، شارەزایی و پەروەردە-الخبرة و التربية) (ابراهیم، ٢٠١١: ٤٠-٤١)..

کاریگەریی فەلسەفەی پراگماتیزم لەسەر پرۆگرامی خوێندن، بریتییە لە:

١. لە کاتی دانانی پرۆگرامی خوێندندا، پێویستە ئەو مەعریفانە لە خۆبگرێت کە لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە، ڕاستێتیی و دروستییان سەلمێنرابێت.
٢. ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن ئەو شارەزاییانە لەخۆدەگرن کە پەیوەستن بە ژیانەوە، لەم ژیانەدا ئەو گرفتانەی کە ڕەهەندی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ئاکاریی و تەندروستیی و کشتوکاڵییان هەیە.
٣. شارەزایی و ئەزموونەکان بەشێوەیەک ڕێکبخرێن کە لەگەڵ حەز و ئارەزوو و خولیا و گرنگی پێدانەکانی خوێندکاردا بێتەوە، خوێندکاران خۆیان ڕۆڵیان هەبێت لە فێربوونی ئەم شارەزاییانەدا.
٤. بۆ هەڵسەنگاندن و فێربوونی خوێندکاران ڕێگەی دیموکراسییانە بگیرێتەبەر.
٥. جەختکردنەوە لەسەر گیانی کاری گروپیی و هاریکاریی و دیموکراسییان لە نێوان خوێندکاراندا.
٦. ڕۆڵی مامۆستا لە وانەوتنەوەی ناوەڕۆکی پرۆگرامدا بریتییە ئاراستەکردن و ڕێنمایی و یارمەتیدانی خوێندکاران لەو کێشە و گرفتانەی دێتە ڕێگەیان(الرباط، ٢٠١٥: ٨٦).
٧. لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکایەتیی لە نێوان خوێندکاراندا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە حەز و ئارەزوو و پێداویستییەکان لەبەرچاودەگیرێت.
٨. تەفرەنجە(تەرکیز)کردن لەسەر بەشداری کارەکی(المشاركة العملية)ی خوێندکاران و بەکارهێنانی تاقیگە و کتێبخانە بەشێوەیەکی فراوان.
٩. کارکردن بە پرۆگرامی چالاکییەکان و ڕێگای پرۆژەکان(ابراهیم، ٢٠١١: ٤٠-٤١).

ئامانجی پەروەردە لەم فەلسەفەیەدا، جێگیر و چەسپاو و نەگۆڕ نییە، بەڵکو ئەم ئامانجانە بە پێی هەڵوێست و بارودۆخە ژینگەییەکان لە گۆڕانی بەردەوامدان. ئەم فەلسەفەیە هەرگیز لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونەدا نییە کە مێشکی قوتابی بێ بە کۆگە و گەنجینەیەک بۆ کەڵەکەکردنی زانیارییەکان و هیچی تر، بەڵکو دەبێت ئەو زانیاریی و زانستانەی دەدرێن بە قوتابی لە پێناوی ئاراستەکردنیاندا بن بۆ کرانەوە و وردبوونەوە و ئاوەدانکردنەوەی هزری قوتابییەکە تاکو بتوانێت پشت بە خودی خۆی ببەستێت و خۆی بەرەنگاری کۆسپ و تەگەرەکانی ژیانی ببێتەوە و فێرببێت کە پێویستییە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دابین بکات(ئالانی، ٢٠٠٨: ٣٢٨-٣٢٩).

٣-١-٢. فەلسەفەی ڕیالیستی(الواقعية):

لایەنگرانی ئەم فەلسەفەیە لەو باوەڕەدان کە مەعریفە دەرئەنجامی ئەو کارلێکەیە کە لە نێوان مرۆڤدا- بە هەستەوەرەکانی و ژیریەکەیی-لەلایەکەوە و لە لاکەی ترەوە لە نێوان واقیعدا بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە ڕوودەدات، مەعریفە لەو کاتەدا بە ڕاست دادەنرێت کە گەڵ ئەو واقیعەدا چوون یەک بێت کە دەمانەوێت توێژینەوەی لەسەر بکەین، واتە وەکو ئایدیالیزم ڕاستییەکان لە ئیلهام یان گومانکردن(الحدس)ەوە وەرناگیرێن، بەڵکو لە ژیانی واقیعیدا لەڕێگەی ئەزموون و شارەزایی ڕۆژانەوە دەدۆزرێنەوە؛ ئەمەش پێچەوانەی ئایدیاییەکانە کە دەڵێن ژیریی یاساکانی خۆی بەسەر واقیعدا دەسەپێنێت(الموسوي، ٢٠١١: ١٣٩-١٤٠).

کاریگەری فەلسەفەی ڕیالیستیی لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن بریتیین لە:

-لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، گرنگیدان بە زانستە سرووشتییەکان(العلوم الطبيعية) بە پلەی یەکەم دێت و پاش ئەوان زانستە مرۆڤایەتییەکان دێن.

-ئامانجە پەروەردەییەکان بە گوێرەی ئەو ژینگەیەی کە خوێندکاری تێدا دەژێت هەڵدەبژێرێت(أبراهیم، ٢٠١١: ٤٠).

جگە لەمانە خوێندن لە فەلسەفەی ڕیالیستیدا، بەجۆرێک بەرفراوان بووە نەک تەنها کتێب و چاپەمەنییەکانی دەگرتەوە، بەڵکو پەلی دەکێشا بۆ ژینگەی لۆکاڵی و چالاکییە رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی و هونەرییەکانیش. سەرەڕای ئەمانە پرۆگرام لەم فەلسەفەیەدا دەتوانێت چاکسازی تێدا بکرێت، گۆڕانی بەسەردا بهێنرێت، ئەمەش بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگەدا دێن(ئەلحاج محەمەد، ٢٠٠٨: ١٥٦).

٢-٢. بنەما کۆمەڵایەتییەکان(الاسس الاجتماعية- Sociological Principles):

ئەو مرۆڤەی کە پرۆگرامەکانی خوێندن پەیمانی پەروەردە و فێرکردنی پێدەدات، لە کۆمەڵگەدا دەژی و ئەندامی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە. ئەم کۆمەڵگەیە خاوەنی ئامانج و سروشت و تایبەتمەندیی وکەلتوور و داواکاریی تایبەت بەخۆی هەیە. لەبەر ئەوە لە پرۆگرامدا و لە کاتی دانانی ئامانجەکاندا، ناتوانرێت سروشت و کەلتوور و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە نادیدە بگیرێت. هەر ئەمەشە وا دەکات کە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی پرۆگرام بریتیی بێت لە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی پرۆگرام.

بنەما کۆمەڵایەتییەکان، بەمانای ئەو بنەمایانە دێن کە پەیوەستن بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و تاکەکان و گەشەپێدانی ئابووریی و زانستیی و تەکنیکیی و کەلتووری کۆمەڵگە و بەهای ئایینیی و ئاکاریی و نیشتیمانیی و مرۆڤایەتییەوە(علي،٢٠١١: ٢١). دەتوانین بڵێین کە بنەما کۆمەڵایەتییەکان،

بریتیین لە هێزە کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکان لە دانانی پرۆگرام و جێبەجێکردنیدا، ئەمانەش خۆیان لە کەلەپووری رۆشنبیری کۆمەڵگە و بەهاکان و ئەو پێداویستی و کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە دەیەوێت چارەسەریان بکات دەبیننەوە و ئەو ئامانجانەی کە دەیەوێت پێیان بگات. ئەم هێزانە ڕوخساری فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و سیستمی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەکان دیاری دەکات و لە ژێر ڕۆشنایی ئەویشدا فەلسەفەی پەروەردە دیاری دەکرێت، لە ڕێگەی ئەویشەوە ناوەڕۆکی پرۆگرام و ڕێکخستنی و ستراتیژەکانی وانەوتنەوە و کەرەستە و چالاکییەکان دیاری دەکرێن کە بە هەموویانەوە لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراودا، کار بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کۆمەڵایەتییانە دەکەن کە دەیەوێت بەدیبهێنرێن(الحسین، ٢٠١٨: ٦٩-٧٠).

بۆ ئەوەی لە بنەمای کۆمەڵایەتی پرۆگرام تێبگەین و گرنگییەکەی بزانین، ئەوا ناچارین-ئەگەر هەتا ڕادەیەکی زۆر کەمیش بێت-پەنا ببەینەبەر کۆمەڵە بابەتێک کە پەیوەندییان بەو کۆمەڵگەیەوە هەیە وا خوێندکارەکەی تێدا دەژی؛ لەوانە: (خودی کۆمەڵگە، گرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئەو پرۆسە جیاوازانەی کە بەرهەمی ئەم کارلێکەن وەک هاریکاری و کێبڕکێ و ململانێ و پەیوەندییان بە پرۆگرامی خوێندنەوە. هەروەها بابەتێکی تر کە پێویستە لە کاتی دانانی پرۆگرامدا لەبەرچاو بگیرێت، بریتییە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی لەسەر شێوازی ژیان، ئەمە سەرەڕای سیستم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییان بە پرۆگرامەوە.

٢-٢-١. کۆمەڵگە و پرۆگرامی پەروەردەیی:

بۆ چەمکی کۆمەڵگە پێناسەی زۆر هەیە، هەموو ئەو پێناسانە باس لە لایەنێک لە لایەنەکانی کۆمەڵگە و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەکەن؛ وەکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یان سیستم و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتار یان کۆمەڵگە، کارلێکی مرۆیی یان ئەو جێگە جوگرافییەی کە تاکەکان و گروپەکان لەسەری دەژین یان زمان، یان مێژوو یان داب و نەریت و ئەو ئامانجە هاوبەشانەی کە ڕۆڵەکانی بڕوایان پێی هەیە...هتد. کۆمەڵگە بریتییە لە تۆڕێک پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کە لە نێوان ئەنداماکانییدا ڕوودەدات و ئامانجەکەی بریتییە لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان و بەدیهێنانی هیوا و ئامانجە نزیک و دوورمەوداکانیان. هەموو مرۆڤێک یان کۆمەڵەیەک قەبارەکەی یان مەبەستەکەی هەرچییەک بێت، ئەوا ئامانجیان هەیە و دەیانەوێت ئەو ئامانجانە بەدیبهێنن، بەڵام بەبێ پەیوەندیی و کارلێک و هاریکاریکردن لە نێوان تاک یان گروپەکاندا نەبێت، ناتوانن ئەمە ئەنجام بدەن. ئەم پەیوەندیی و کارلێکە لەگەڵ یەکەی کۆمەڵایەتیی تردا ئەوە پێداویستیی و داواکارییەکانیان فەراهەم دەکات و ئامانج و هیواکانیان بەدی دێنێت(الحسن، ١٩٩٩: ٣٨٧).

کۆمەڵگە بە یەکێک لە بنەما گرنگەکان دادەنرێت کە پرۆگرامی پەروەردەیی لەسەر دەوەستێت، ئامانجە پەروەردەییەکان لە فەلسەفەی کۆمەڵگەوە وەردەگیرێن؛ لەبەر ئەوە پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن کار لەسەر بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بکەن و هەموو وزە و توانایەکیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی بنەمای ئەو فەلسەفەیە بکەنە لایەنێکی بنەڕەتی لە لایەنەکانی ڕەفتاری خوێندکاران، ئەگەر نموونەیەک لە پرۆگرامەکان وەربگرین و شیکردنەوەیان بۆ ئەنجام بدەین، ئەوا دەبینین کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە بەگوێرەی ئەو فەلسەفەیەی کە ئەو کۆمەڵگەیە بڕوای پێی هەیە جیاوازە(الوکیل و محمود، ١٩٩٠: ٦٣).

لەژێر ڕۆشنایی ناسینی کۆمەڵگە و پێکهاتە و سیستمەکانیدا، پەروەردیاران دەتوانن پلانی پەروەردەیی دابڕێژن و نەخشە بۆ سیاسەتی پەروەردەیی بکێشن، چونکە ئەم سیاسەتە دەبێت لەگەڵ هەلومەرج و و توانا و پێداویستییەکان و کەلتووری کۆمەڵگەدا بێتەوە، کەواتە پێش دانانی پرۆگرام پێویستمان بە ناسینی کۆمەڵگە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و هەلومەرجە سیاسیی و ئابووریی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵگە هەیە هەتا لە ژێر ڕۆشنایی ئەوانەدا پرۆگرام دابنرێت، ئەم پرۆگرامە وەڵامدەرەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگە بێت.

٢-٢-٢. کارلێکی کۆمەڵایەتی و پرۆگرامی پەروەردەیی:

کارلێکی کۆمەڵایەتی چەمکێکی بنەڕەتی و ستراتیژییە لە زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتییدا، چونکە گرنگترین ڕەگەزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و لەوێشەوە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی(الراشدان، ٢٠٠٥: ١٩٩). لە ڕاستییدا بەهای حەقیقی بۆ چەمکی کارلێکی کۆمەڵایەتی(Social Interaction) لەوەدایە کە بەستراوەتەوە بە بەردەوامێتی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕەگەزی مرۆییەوە. ئەو چەمک و زاراوانەی کە لە نێوان زانایانی کۆمەڵناسیی و ئەنسرۆپۆلۆژیا و دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر دووبارە دەبنەوە، بریتیین لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، سیستم، کۆمەڵگە، ڕەفتار، کردار، ئاراستە و بۆچوون و پەیوەندییەکان و هۆشیاریی و...هتد، ئەمانە هیچ نین جگە لە گوزارشتکردن لەوەی کە بونەوەری مرۆیی تاکە بوونەوەرە توانای کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو و بەردەوامی هەیە(شتا، ٢٠١٤: ١٩).

کارلێکی کۆمەڵایەتی کردارێکی سەرەکییە لە لە ژیانی مرۆڤدا، چونکە ڕەفتاری تاك وەك دیاردەیەك، بەرهەمی کارلێکی بەردەوامی ئەو تاکەیە لەگەڵ ئەوانی تردا. ئەو کەسانەی کە بەشدارن لە کارلێکی کۆمەڵایەتییدا، پێشبینیکردن و درککردنی ڕۆڵ هەیە. درککردن بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری تاک لە ژێر ڕۆشنایی نۆرمەکاندا لە ڕێگەی زمان و هێما و ئاماژەکانەوە ڕوودەدات، ئەو کەلتوورەی کە تاک و کۆمەڵی تێدادەژی، جۆرێکە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوە زۆر وردترە ئەگەر چەمکی کارلێکی کۆمەڵایەتی کولتووریی بەکاربهێنین( socio- cultural interaction)(زهران، ١٩٨٤: ٢٠٣). کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو ڕەفتارە پەیوەندیدارەیە کە لەنێوان تاکێک و یەکێکی تر، یاخود لە نێوان کۆمەڵە کەسێکدا هەیە لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە فراوانترین مانایدا بریتییە لە کاریگەربوونی کەسێک بە کاروکردەوە و بیروڕای کەسانی دی و کاریگەربوونی ئەوانیش بە ئەم، بەو مانایەی کە کارتێکردن و کارتێکراو لە هەر هەڵوێستێکی مرۆییدا بوونی هەیە(بدوي، ١٩٨٢: ٣٨٩).

پرۆگرامەکانی خوێندن لە چەند ڕێگایەکەوە دەتوانن کاریگەریی لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی دروست بکەن. یەکێک لەو ڕێگایانە ئەو بابەتانەن کە لە دووتوێی پەرتووکەکانی خوێندندان، لێرەدا بەرپرسیارێتیی پرۆگرام بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە لە تەفرەنجە(تەرکیز)خستنەسەر گرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەناوپرۆگرامەکاندا. ئەمەش لە ڕێگەی گرنگیدان بە گیانی هاریکاریی و هێنانەوەی نموونە لەناو پرۆگرامەکانی خوێندندا دەربارەی

هاریکاری لە نێوان تاکەکان و گروپ و گەلاندا. هەروەها پرۆگرامی خوێندن دەتوانێت جەخت لەسەر بەهای کێبڕکێی تەندروست بکاتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی باسی بەها کۆمەڵایەتییەکان و گرنگی ئەو بەهایانە لە پاراستنی بوونی کۆمەڵگە و و دروستکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتیی بکات(سعادة وابراهيم، ٢٠١١: ١٠٧)٠

پرۆگرامی شاراوە(المنهج الخفي-Hidden Curriculum)یان پرۆگرامی نافەرمیی کە جۆرێکی گرنگی پرۆگرامە، بریتییە لە هەموو ئەزموون و شارەزایی و مەعریفە و بەها و ڕەفتارانەی کە خوێندکاران لە دەرەوەی خوێندنگە و پرۆگرامی بڕیارلێدراو بەبێ سەرپەرشتی مامۆستا یان تەنانەت هەندێکجار بەبێ ئاگاداری ئەویش ئەنجامیان دەدەن و فێریان دەبن، هەروەها کارلێک و مامەڵەی مامۆستایان لەگەڵ خوێندکاران، کارلێکی خوێندکاران و بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنگە، ئەمە سەرەڕای ئەو زانیاریی و شارەزاییانەی کە خوێندکاران لە یەکترییەوە وەریدەگرن، هەندێکجار کاریگەری ئەم پرۆگرامە لە پرۆگرامە فەرمییەکە گەورەترە(الربيعي، ٢٠١٦: ٢٢٥). پرۆگرامی شاراوە لەڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتیی و بەشداریکردن لە چالاکییەکانی خوێندنگەدا(ئیتر ئەم چالاکییانە لەناو خوێندنگەدا بێت یان لە دەرەوەی خوێندنگەدا بێت)ڕوودەدات، کە تێیدا خوێندکار ئەزموون و شارەزایی هەمەجۆر بەدەست دەهێنن.

یەکێک لە ڕەگەزەکانی پرۆگرام بریتییە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە، مامۆستا دەتوانێت یەکێک لەو ڕێگایانە بەکاربهێنێت کە تێیدا وانە بە سیستمی گروپ ئەنجام دەدرێت، وەکو ڕێگای فێربوونی بە کۆمەڵ(طريقة التعلم التعاوني). ئەم ڕێگایە یەکێکە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە، کە لەسەر دابەشکردنی فێرخوازان بەسەر چەند دەستە و گروپێکدا بەندە، بە مەرجێ ڕەچاوی جیاوازی نێوان تاکەکان بکات لە ئاست بەرز و باش و مامناوەند و لاوازەکان، واتە بەیەکسانی ئەمانە بەسەر هەر گروپێکدا دابەش بکات نەک زۆربەی هاوئاستەکان لەیەک گروپ دابنێت. ئەمجۆرە دابەشکردن و ڕێکخستنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە فێرخوازان هاوکاری یەک بکەن لە گەشەکردنی توانا و شارەزاییاندا، فاکتەرێکی یاریدەدەریشە بۆ هاندانی لێهاتوویی و شارەزایی، کە تێیدا فێری کاری هەرەوەزیی بە کۆمەڵ دەبن بە مەبەستی فێربوون و چارەسەرکردنی کێشەکانیان(رسول، ٢٠١٤: ١٥٣).

٢-٢-٣. پرۆگرام و کولتوور: یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە بە بەشێک لە بنەمای کۆمەڵایەتیی پرۆگرام دادەنرێت، بریتییە لە کەلتوور. هەر لەبەر گرنگی و کاریگەری کەلتوور لەسەر پرۆگرام لە زۆرێک لە سەرچاوەکاندا لە بری بنەمای کۆمەڵایەتیی دەوترێت بنەمای کەلتووریی پرۆگرام. کولتوور وەک پێناسە بریتییە لەوەی کە دەست و عەقڵی مرۆڤ دروستیکردووە لە کەرەستە و دیاردەکان لە ژینگەی کۆمەڵایەتیی، واتە هەموو ئەوانەی کە مرۆڤ دایهێناون یان دۆزیویەتییەوە. (Kilpatrick, 1956: 69). بە ڕای کلکهۆن(Kluckhon)، کولتوور شێوازە جیاوازەکانی ژیانە کە مرۆڤ بە درێژایی مێژوو پێیگەیشتووە، دیارەکانی و نادیارەکانی، عەقڵانییەکان و ناعەقڵانییەکانی کە لە کاتێکی دیاریکراودا بوونیان هەیە، دەبنە هۆکاری ڕێنمایی ڕەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگەدا(Kluckhon،1945: 97). د. ڕەشاد میران دەڵێت: کولتوور بریتییە لە هەموو ئەو دەسکەوت و داهێنانە ماددی و مەعنەوییانەی کە لە ماوەی هەموو مێژووی کۆمەڵگادا وەدەست هاتوون و بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە بەکاردێن(میران، ٢٠١٦: ٦٣).

یەکێك لەو تەفسیرانەی کە بۆ توخمە پێکهێنەرەکانی کەلتوور کراوە، بریتییە لە تەفسیرەکەی (ڕالف لینتۆن – Linton). لینتۆن توخمەکانی کەلتوور دابەش دەکات بۆ سێ ڕەهەند، کە بریتیین لە:

١. هەمەکیی یان جیهانێتی-گەردونێتی (العموميات أو العالميات-Universals)کولتوور، ئەمە ئەو پێکهێنەرانە یان ڕەگەزانەی کەلتوورە کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە تێیدا هاوبەشن، وەکو زمان و داب و نەریت و بیروباوەڕ و شێوازەکانی ژیان و بیرکردنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ژیان و ئادابی گشتیی و ڕێگاکانی ئاهەنگگێڕان لە بۆنە گشتییەکاندا. گرنگی هەمەکیی کەلتوور دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە شوناس دەبەخشێتە کۆمەڵگە و ئەو تۆڕەیە کە کار لەسەر هاوبەندی کۆمەڵایەتیی دەکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بە ئامانجەکانی بگات. هەر بۆیە پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بەتایبەتی لە قۆناغەکانی خوێندنی گشتییدا(قۆناغی بنەڕەتیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق)، گرنگی بە هەمەکیی کەلتوور بدات. ئەمەش بۆ ئەوەی وەکو هاووڵاتیی لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ یەکتریدا کارلێک بکەن و گونجان ڕووبدات. بە پێی ئەمە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغی خوێندنی گشتییدا بابەتەکانی زمان و ئایین و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان(مێژوو و جوگرافیا) و زانستەکان و هونەر ...هتد لە خۆدەگرێت(اللقاني، ٢٠١٣: ٥٦-٥٧)٠ لەبەر گرنگی ئەم ڕەگەزەی کەلتوور، خوێندنی بنەڕەتیی لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهاندا ناچارییە(ئیلزامییە)، ئەمە لە پێناوی ئەوەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە لە ڕووی کەلتوورییەوە لێک نزیک ببنەوەو لەناو چوارچێوەی ئەو کەلتوورەدا لەگەڵ یەکترییدا کارلێک بکەن و جیاوازیی نێوانیان کەمبکەنەوە و هەستی هاوبەشییان تێدا دروست ببێت.

٢. تایبەتییەکان(الخصوصيات-Specialties): بریتییە لەو ڕەگەزانەی کەلتوور کە کۆمەڵەیەکی دیاریکراو لە تاکەکانی کۆمەڵگە تێیدا بەشدارن. ئەمە بەو مانایە دێت ئەم ڕەگەزە تەنها ڕەفتاری کۆمەڵە تاکێکی دیاریکراو ئاراستە دەکات، نەوەک هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە. ئەم جۆرە بریتییە لە داب و نەریت و ڕۆڵە جیاوازەکان کە کۆمەڵگە بە گوێرەی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیی بۆ هەر پیشە و چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی یان باوەڕدارێتیی و دەمارگیریی دایناوە(أبوجادو، ٢٠١٣: ١٢٣). پێویستە پرۆگرامەکان بەتایبەتی لە قۆناغی زانکۆ گرنگی بە تایبەتمەندییەکانی کەلتوور بدەن، ئەمەش بە گوێرەی حەز و ئارەزوو و پێداویستییەکانی خوێندکاران بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە لە پیشە و ئەو کارانەی کە داواکراوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، هەروەها پێویستە لە کاتی دانانی پرۆگرامدا هاوسەنگی نێوان هەمەکیی و تایبەتمەندیی کەلتوور لەبەرچاو بگیرێت، ئەمەش بەهۆی بوونی پەیوەندیی لە نێوانیاندا، هەتا پسپۆڕی هەربوارێک لە بوارێکی دیاریکراودا لە داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە بزانێت و کارەکەی خۆی بخاتە

خزمەتی کۆمەڵگەوە و بە باشترین شێوە ئەنجامی بدات (اللقاني، ٢٠١٣: ٥٧).

٣. گۆڕاوەکان یان ئەڵتەرناتیڤەکان(البدائل أو المتغيرات-Alternatives): ژمارەیەکی کەمی تاکەکانی کۆمەڵگە بەشدارن لەم ڕەگەزەدا. لە سەرەتادا بە نامۆ دێتە پێشچاو، بەڵام ئەگەر سوودەکەی سەلمێنرا، ئەوا خەڵکانی تریش پێی ڕازی دەبن و وەری دەگرن و بڵاو دەبێتەوە. نموونەی ئەم ڕەگەزە دۆزینەوە و داهێنانەکانە لە تەلەفزیۆن و ئۆتۆمبیل و کەرەستەکانی ناوماڵ و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ...هتد. پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن ئەم گۆڕانکارییانە لە خۆبگرن(اللقاني، ٢٠١٣: ٥٧). ئەم گۆڕانکارییانە بە تەنها لایەنی ماددی کەلتوور ناگرێتەوە بەڵکو ئەم لایەنە ماددیانە لەگەڵ خۆیاندا توخمی نوێی کەلتووری و بەهای نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری دەهێنن کە کار لە کەلتووری کۆمەڵگەکە دەکەن. ئەرکی پرۆگرامەکانی خوێندنە کە خوێندکار ئامادە بکات بۆ وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی ئەو بەها نوێیانە و گونجاندنیان لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵگەدا.

٢-٣. بنەمای دەروونی:

بنەما دەروونییەکان، بریتین لە کۆمەڵە بنەما یان ڕێسایەک کە لە ڕووی پێداویستی و تواناکانی و حەزوو و ئارەزووەکانییەوە پەیوەندی بە خوێندکارەوە هەیە. پێویستە لەسەر دانەرانی پرۆگرامی خوێندن، لەکاتی دانانی پرۆگرام و ڕاستکردنەوە و پەرەپێدانی پرۆگرامدا بەباشی لەبەرچاوی بگرن.(الزيوني و اخرون، ٢٠١٣: ٩٥). یان دەتوانین بڵێین بنەما دەروونییەکان ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەن کە لە بواری دەروونناسییدا ئەنجامدراون و گەیشتوونەتە کۆمەڵە دەرئەنجامێک سەبارەت بە سروشتی خوێندکار و تایبەتمەندییەکانی گەشەکردنی و حەز و ئارەزوو و پێداویستی و توانا و ئامادەباشییەکانی، هەروەها سروشتی پرۆسەی فێربوون و بنەما و تیۆرەکانی فێربوون(الشربيني و الطنطاوي، ٢٠١٥: ٢٩).

بنەمای دەروونی دوو تەوەر لەخۆدەگرێت، تەوەرێکیان پەیوەندی بە تایبەتمەندییەکانی گەشەکردن و پێداویستییەکانی خوێندکارانەوە هەیە؛ تەوەری دووەمیش پەیوەندی بە پرۆسەی فێربوون و ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان لەسەر ئەم پرۆسەیە هەیە(السر، ٢٠١٨: ٦٤).

مەبەست لە بنەمای دەروونی، ڕادەی پەیوەستبوونی پرۆگرامە بە خوێندکاران لەلایەنەکانی(گەشەکردنیان، پێداویستییەکانیان، حەز و ئارەزووەکانیان، توانا و ئامادەباشییەکانیان، ئاراستە و بۆچوونەکانیان، جیاوازی تاکایەتی لە نێوانیاندا). گرنگیدان بە توێژینەوە لەسەر خوێندکاران، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە خوێندکاران تەوەر و جەوهەری پرۆسەی فێرکارین. پێشکەشکردنی زانیاریی بەبێ هەبوونی شارەزایی لەسەر تایبەتمەندیی و پێداویستی و خولیا و کێشەکانی خوێندکاران، ئەوا بە شێوەیەک لە شێوەکان -بەزۆری- دەبێتە هۆی نوشوستی و نەگەیشتن بەو ئامانجە پەروەردەییانەی کە پرۆگرام هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات(الوكيل و محمود، ١٩٨٥: ٢١). لە کاتی دانانی پرۆگرامدا، لەبەر ئەوە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر خوێندکار بەسوودە بۆ:

-دیاریکردن و داڕشتنی ئامانجەکانی پرۆگرام کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی خوێندکاردا گونجاو بێت.

-هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی فێرکاری گونجاو لەگەڵ ئاستی خوێندکاردا.

-هەڵبژاردنی ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوەی گونجاو بۆ خوێندکار.

-دیاریکردنی بواری چالاکییەکان و هەمەجۆرییان، هەتا لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی خوێندکاراندا بگونجێت.

-بەکارهێنانی شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو بۆ زانینی ڕادەی پێشکەوتنی خوێندکار(محمود، ٢٠٠٨: ٢٩).

ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت لە کاتی دانان و جێبەجێکردن و پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندندا، دەبێت لەسەر بنەمای گەشەی تاك و تیۆرەکانی فێربوون دابنرێت. ئەمانەش لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی تاکدا لە ڕووی بایۆلۆجی و دەروونییەوە گونجاو بێت. لێرەشدا دانەران و جێبەجێکارانی پرۆگرام ناچارن بگەڕێنەوە بۆ هەردوو تیۆرەکانی گەشە و تیۆرەکانی فێربوون. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی، بنەمای دەروونی ئەو بنەمایەیە کە پەیوەستە بە سروشتی خوێندکار و تایبەتمەندییە دەروونییەکانییەوە، هەروەها ئەو هۆکارانەی کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا کاریگەرییان بەسەر گەشەکردنییەوە هەیە. لەسەر دانەرانی پرۆگرام پێویستە کە پێداویستیی و حەزەکان و قۆناغەکانی گەشەکردنی تاک و چۆنێتی فێربوونی خوێندکار لەبەرچاو بگرن(الربيعي، ٢٠١٦: ٨٢). لەبەر ئەوەی ئەرکی پرۆگرام بریتییە لە ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری فێرخواز، ڕەفتاریش بەرئەنجامی دوو فاکتەرە، ئەوانیش بۆماوە(الوراثة) و ژینگەیە.

٢-٤. بنەمای مەعریفی:

ڕێگای فێرکردن و فێربوون و ناوەڕۆکیان، هەتا ڕادەیەکی زۆر لەسەر ئەوە ڕادەوستێت کە تاک چەندێک لە ماهیەتی مەعریفە تێدەگات. یەکێک لە پێناسەکانی مەعریفە، پێیوایە کە مەعریفە(Knowledge)بریتییە لە کۆمەڵە مانا و بیروباوەڕ و حوکم و چەمک و وێنای هزری، کە لە ئەنجامی دووبارە هەوڵدانی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان و ئەو شتانەی کە چواردەوریانداوە دروست دەبێت (بدوي، ١٩٨٢: ٢٣٤).

لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە، تەرکیزخستنەسەر بابەتی مەعریفە بەردەوام لە زیادبووندایە، ئەوەی وادەکات کە مەعریفە وەکو بنەمایەک لە بنەماکانی پرۆگرام دابنرێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی مەعریفە کە جیهانی مەعریفە لە پێش ئەو سەردەمەوە بە خۆیەوە نەیبینیووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە کۆندا مەعریفە پشتگوێ خرابێت، بەڵکو جیاوازییەکە لە جۆری ئەو مەعریفەدایە کە پێشکەش بە خوێندکار دەکرا. فەلسەفە و پەروەردە، گرنگییان بە بنەما و چەمکەکان دەدا، بەڵام لە ئێستادا گرنگی زیاتر بەو لێهاتوویی و توانایانە دەدرێت کە مێشک چالاکتر دەکەن(صالح و داخل، ٢٠١٨: ٥٥).

سەردەمی ئێستای مرۆڤایەتی، پێشکەوتنێکی زانستی و تەکنۆلۆژیای گەورە و خێرا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە خۆوە دەبینێت، لە ئەنجامی ئەم پێشکەوتنە خێرایەدا قەبارەی مەعریفەی مرۆیی هەتا پلەیەکی بەرز زیادی کردووە. بەڵام ئەم زۆربوونەی مەعریفە-سەرەڕای لایەنی ئەرێنییان- لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵە کێشە و کۆسپی تایبەتی هێناوەتە بەردەم هەردوو پرۆسەی فێرکردن و فێربوون، بۆ نموونە هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی خوێندن بە گرنگترین کۆسپ دادەنرێت کە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا ڕووبەڕووی شارەزایانی

پرۆگرام و بەرنامەی فێرکردن دەبێتەوە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە هۆکارێک، لەوانە(تەقینەوەی مەعریفە بووەتە هۆی گرنگیدانی زیاتر بە جۆرێتی ئەو مەعریفە و زانیارییانەی کە پێشکەش بە خوێندکاران دەکرێت، هەروەها سەرهەڵدان و پەیدابوونی زانستی نوێی وەک زانستەکانی کۆمپیوتەر و بەرنامەکان ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی  شێوە و ڕیزبەندی نوێ بۆ ڕێکخستنی مەعریفی(الشربيني و الطناوي، ٢٠١٥: ٨١). تەقینەوەی مەعریفی و تەکنەلۆجی کە ئێستا جیهانی پێدا تێدەپەڕێت بە ئاڵنگارییەک دادەنرێت کە ڕووبەڕووی دانەرانی پرۆگرام دەبێتەوە، چونکە ئاسان نییە لە ئێستادا پلان بۆ فێربوون دابنرێت و لە هەمان کاتدا بۆ پاشەڕۆژ بە سوود بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ناتوانین بە شێوەیەکی ورد وێنای پاشەڕۆژ بکەین. خوێندکارێکی قۆناغی سەرەتایی کە ژمارەی کەمی چەمک وەردەگرێت، ئەم خوێندکارە کاتێک دەگاتە زانکۆ ناتوانێت سوود لەم چەمکانە وەربگرێت، چونکە ئەم چەمکانە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە(الموسوي، ٢٠١١: ٧٢-٧٣). مەعریفە بە یەکێک لە بنەماکانی گەشەی تاک دادەنرێت کە بەبێ ئەو گەشەی ژیریی ڕوونادات، هەروەها لە هەمان کاتدا بە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئامانجە پەروەردەییەکان دادەنرێت؛ لەبەر ئەوە لە کاتی دانان یان پەرەپێدانی پرۆگرامی پەروەردەیی و خوێندندا دەبێت لەبەرچاو بگیرێت و گرنگی پێبدرێت.

## سێیەم: ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە:

٣-١. ئەنجام:

١. تێگەیشتنی نوێ بۆ پرۆگرامی خوێندن جیاوازە لەو تێگەیشتنە نەریتییەی کە بۆ پرۆگرام کراوە؛ چونکە لە تێگەیشتنی نوێدا، پرۆگرامی خوێندن بریتییە لە کۆی ئەو ئەزموون و شارەزاییانەی کە خوێندکار لەناو پۆلی خوێندن یاخود دەرەوەی پۆلدا بەدەستیان دەهێنێت. بەڵام لە تێگەیشتنی نەریتیی یاخود بەرتەسکدا پرۆگرام کورت کراوەتەوە بۆ بڕیارلێدراوەکانی خوێندن و ئەو زانیارییانەی کە لە دووتوێی کتێبەکانی خوێندنگەدا هەیە.

٢. پرۆگرامەکانی خوێندن، چوار بنەمای سەرەکییان هەیە؛ ئەوانیش بریتیین لە بنەماکانی(فەلسەفیی، کۆمەڵایەتیی، دەروونیی و مەعریفیی).

٣. بنەمای فەلسەفی پرۆگرام، لە بنەمای فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی و حوکمڕانی وڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت، پاشان فەلسەفەی پەروەردە دێت، لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی پەروەردەدا ئامانجە پەروەردەییەکان دادەنرێن، هەتا لە دواجاردا خۆیان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا دەبیننەوە.

٤. لە بنەمای دەروونی دانانی پرۆگرامی خوێندندا، ڕەچاوی دوو تەوەری سەرەکی دەکرێت؛ تەوەری یەکەمیان پەیوەندی بە تایبەتمەندییەکانی گەشەکردن و پێداویستییە دەروونییەکانی خوێندکارانەوە هەیە. تەوەری دووەمیش پەیوەندی بە پرۆسەی فێربوون و ئەو فاکتەرانەوە هەیە کە کاریگەرب لەسەر ئەم پرۆسەیە جێدەهێڵن.

٥. لە بنەمای کۆمەڵایەتییدا، پرۆگرامەکانی خوێندن:

أ. کار لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و ئەو ئارێش و کێشانەی کە کۆمەڵگە دووچاریان بووەتەوە؛ هەر لەبەر ئەوەیە بۆ دانەرانی پرۆگرامەکانی خوێندن، ناسینی کۆمەڵگە و پێکهاتە و سیستمەکانی کارێکی لە پێشینەیە.

ب. پرۆگرامەکانی خوێندن فۆکس دەخەنەسەر کارلێکە ئەرێنییەکان، ئیتر ئەمە لەدووتوێی  پرۆگرامەکانی خوێندندا بێت یاخود لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەوە بێت کە گیانی هاریکاریی و یەکتر قبوڵکردنی یەکتری و بیروڕای جیاواز لای خوێندکاران گەشەپێدەدات.

ج. هەندێک لە سەرچاوەکان، "بنەمای کۆمەڵایەتیی پرۆگرام"یان بە "بنەمای کولتووریی پرۆگرام" ناوهێناوە. ئمەش لەبەر ئەوەیە کە داڕێژەرانی پرۆگرام پێیانوایە کە پێویستە ڕەهەندی هەمەکی یان گشتێتی کولتوور لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ڕەنگبداتەوە، چونکە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لەم ڕەهەندەی کولتووردا هاوبەشن.

٦. مەعریفە بنەمایەکی گرنگی پرۆگرامی خوێندنە، چونکە ئەرکی پرۆگرام پێگەیاندن و ئامادەکردنی تاکە بۆ گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی لە پاشەڕۆژدا. هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی و پێگەیاندنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا کە لە ڕووی مەعریفییەوە ئامادەکرابن بۆ گرتنەئەستۆی ئەرکەکانی کۆمەڵگە، یەکێکە لە کارە گرنگەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن.

٣-٢. پێشنیار و ڕاسپاردە:

١. دانەرانی پرۆگرامەکانی خوێندن بەرچاوڕوونییان هەبێت و شارەزای هەر چوار بنەما سەرەکییەکانی دانانی پرۆگرام بن.

٢. وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی حکومەتی  هەرێمی کوردستان-عێراق بە ڕاوێژ لەگەڵ پسپۆڕانی بوارەکانی پرۆگرام، فەلسەفەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا دەستنیشان بکەن، لەژێر ڕۆشنایی ئەو فەلسەفەیەدا ئامانجە پەروەردەییەکان دابڕێژرێت.

٣. پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندندا، بە شێوەیەک کە بتوانێت شانبەشان یان نزیک لە گۆڕانکارییە خێراکاندا بڕوات. هەوڵبدرێت ساڵانە و بە گوێرەی گۆڕانکارییە زانستیی و کۆمەڵایەتیی و دەروونیی و فەرهەنگییەکان گۆڕانکارییان تێدا بکرێت.

٤. پرۆگرامەکان بە شێوەیەک دابنرێن کە ئەو توانایە بە خوێندکار بدات جیهانی خۆی و کۆمەڵگەکەی بەباشی بناسێت.

٥. کردنەوەی خوڵ و ڕاهێنانی مامۆستاکانی وەزارەتی پەروەردە لەسەر پەیداکردنی لایەنی کەمی زانیاریی لەسەر پرۆگرام و فەلسەفەی پەروەردە و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ئامانجە پەروەردەییەکان.

## لیستی سەرچاوەکان

-القران الكريم، سورة المائدة، الاية ٤٨.

-قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی هەژار.

یەکەم: بە زمانی کوردی

١. امین، بورهان محمد، تەفسیری ئاسان، چ١٤، بێ ساڵ و شوێنی چاپ.
٢. رسول، رسول ابراهیم(٢٠١٤)دەروازەیەک بۆ وانەوتنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
٣. عزیز، کریم أحمد(٢٠١٩) پرۆگرامی پەروەردەیی(دەروازەیەک بۆ ناسینی پرۆگرام و شیکردنەوەی کتێب)، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
٤. عەزیز، حەمید(٢٠٠٩) بنەڕەتەکانی فەلسەفە، چ٢، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، سلێمانی.
٥. میران، ڕەشاد(٢٠١٦) چەند بابەتێکی ئیتنۆ کۆمەڵایەتی ب١-٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٦. ئالانی، عەزیز(٢٠٠٨) هزری پەروەردەیی و فەلسەفەکەی لە پێناوی گۆڕاندا، چاپخانەی لاوکۆ، سلێمانی.
٧. ئەلحاج محەمەد، ئەحمەد عەلی(٢٠٠٨) فەلسەفەی پەروەردە، و: طە محەمەد ئەمین قەرەداغی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

دووەم: بە زمانی عەرەبی

١. ابراهيم، فاضل خليل (٢٠١١) أساسيات في المناهج الدراسية، دار أبن الاثير للطباعة و النشر، جامعة الموصل.
٢. ابراهيم، مجدى عزيز(٢٠٠٠) موسوعة المناهج التربوية، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.
٣. أبو حويج، مروان(٢٠٠٠) المناهج التربوية المعاصرة(مفاهيمها-عناصرها-أسسها و عملياتها)، ط١، الدار العلمية الدولية ودار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان-الاردن.
٤. أبوجادو، صالح محمد (٢٠١٣) سيكولوجية التنشئة الاجتماعية، ط٩، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان-الاردن.
٥. بدوي، أحمد زكي (١٩٨٢) معجم علم الاجتماع(أنجليزي-فرنسي-عربي)، ط٢، مكتبة لبنان، بيروت.
٦. جبر، سعد محمد و العرنوسي، ضياء عويد حربي(٢٠١٣) المناهج-البناء و التطوير، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان-الاردن.
٧. الحسن، احسان محمد(١٩٩٩) موسوعة علم الاجتماع، ط١، الدار العربية للموسوعات، بيروت-لبنان.
٨. الحسين، عزي(٢٠١٨) المناهج التعليمية و دورها في بناء منظومة القيم لدى التلميذ في مرحلة المراهقة المبكرة-دراسة ميدانية لتلاميذ الصف الرابع متوسط بميدنة بوسعادة(أطروحة دكتوراه غير منشورة).
٩. الراشدان، عبدالله زاهي(٢٠٠٥)التربية و اتنشئة الاجتماعية، ط١، دار وائل للنشر و التوزيع، عمان-الاردن.
١٠. الرباط، بهيرة شفيق ابراهيم(٢٠١٥) التوجهات الحديثة في المناهج و طرق التدريس، المؤسسة العربية للعلوم و الثقافة، الجيزة، مصر.
١١. الربيعي، محمود داود (٢٠١٦) المناهج التربوية المعاصرة، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان-الاردن.
١٢. زهران، حامد عبدالسلام(١٩٨٤)علم النفس الاجتماعي، ط٥، عالم الكتب، القاهرة، مصر.
١٣. الزويني، ابتسام صاحب والاخرون (٢٠١٣) المناهج و تحليل الكتب، ط١، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان-الاردن.
١٤. السر، خالد خميس(٢٠١٨)أساسيات المناهج التعليمية، جامعة الاقصى، غزة-فلسطين.
١٥. سعادة، جودة أحمد و ابراهيم، عبدالله محمد(٢٠١١) المنهج المدرسي المعاصر، ط٦، دار الفكر، عمان.
١٦. سعادة، جودة أحمد(١٩٩٠) مناهج الدراسات الاجتماعية، ط٢، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.
١٧. شتا، السيد علي(٢٠١٤) التفاعل الاجتماعي و المنظور الظاهري، الكتبة المصرية للنشر و التوزيع، الجيزة، مصر.
١٨. الشربيني، فوزي عبدالسلام و الطناوي، عفت مصطفى(٢٠١٥) المناهج(مفهومها-أسس بنائها-عناصرها-تنظيماتها)، ط١، مركز الكتاب للنشر، بدون مكان النشر.
١٩. صالح، رحيم علي وداخل، سماء تركي (٢٠١٨)، المنهج و الكتاب المدرسي، مكتب نور الحسن للطباعة والنشر، بغداد.
٢٠. عزيز، حاتم جاسم و مهدي، مريم خالد(٢٠١٥) المنهج و التفكير، الرضوان للنشر و التوزيع، عمان-الاردن.
٢١. علي، محمد السيد(٢٠١١) موسوعة المصطلحات التربوية، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان-الاردن.
٢٢. غيث، محمد عاطف(١٩٧٩) قاموس علم الاجتماع، الهيئة المصرية العامه للكتاب.
٢٣. قزامل، سونيا هانم(٢٠١٣) المعجم العصري في التربية، عالم الكتب للنشر و التوزيع و الطباعة، القاهرة، مصر.
٢٤. قلادة، فؤاد سليمان(١٩٨٢)أساسيات المناهج في التعليم النظامي و تعليم الكبار، ط١، دار المعارف، القاهرة.
٢٥. اللقاني، أحمد حسين (٢٠١٣) المناهج بين النظرية والتطبيق، ط٤، دار عالم الكتب للطباعة و النشر و التوزيع، القاهرة.
٢٦. محمد، طاهر محمد الهادي(٢٠١٢) أسس المناهج المعاصرة، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان-الاردن.
٢٧. محمود، عبدالرحمن كامل عبدالرحمن(٢٠٠٨) أسس بناء المنهج و عناصره، ج١، جامعة القيوم، مصر.
٢٨. مرعي، توفيق أحمد و الحيلة، محمد محمود(٢٠١٥) المناهج التربوية الحديثة(مفاهيمها و عناصرها و أسسها و عملياته)،١٢، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، عمان-الاردن.
٢٩. الموسوي، محمد علي حبيب(٢٠١١) المناهج الدراسية-المفهوم الابعاد المعالجات، دار و مكتبة البصائر للطباعة والنشر و التوزيع، لبنان-بيروت.

٣٠. هندي، صالح و اخرون (١٩٩٩) تخطيط المنهج و تطويره، ط٣، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع، عمان-الاردن.

٣١. الوكيل، حلمي أحمد و محمود، حسين بشير(١٩٩٠) الاتجاهات الحديثة في تخطيط و تطوير مناهج المرحلة الاولى، مطابع مجموعة مؤسسات الهلال، القاهرة.

سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی

1. Klipatrick, W.H. (1956) Philosophy of Education, Macmillan Co., New York.
2. Kluckhon, C., W., Kally(1945)The concept of culture in ALinton(ed), New York, Columbia Uni. Press.
3. Tyler, Ralph W., (1981) Basic Principles of Curriculum and Instruction, 10ed, Chicago, The University of Chicago Press.


(اسس بناء المناهج- Curriculum Principles)


Abstract

Curriculum Development Principles

In every society, learning is considered the center of learning and teaching processes. These curriculums are the reflection of educational philosophy of the society, where the educational goals are built. Consequently, this is manifested in textbooks, which teachers and students are provided with. According to the goals, the society and the related monasteries make expectations about who and what kind of specializations need to be prepared and qualified. The program designers and developers are probably aware of the educational philosophy of their society, culture, level of development, needs, problems, characteristics, and learner's improvement. Thus, they take the above-mentioned into account to develop a curriculum relevant to the updated issues that currently exist. By an large, the amin curriculum principles are; philosophical, social, psychological, and cognitive. Hence, the aim of the present study is to introduce the aforementioned principles and their impacts on curriculum. Finally, the researchers came into a number of concluding points; in addition, research recommendations are provided.


The key words: Curriculum Education, Principles of philosophy, Social Principles, Psychological Principles, Cognitive Principles.